# ئاكامەكانی دانەگرتنەوەی نرخی پاس،
# لەئەستۆی ئیدارەی پارێزگای سلێمانیە

ئەمڕۆ 2007/3/26 سەرجەم شۆفێری هێڵی پاسەكانی ناوشاری سلێمانی نرخی گەاوستنەوەی هاولاَتیانیان لە 250 دینارەوە بۆ 500دینار بەرز كردەوە، ئەم بڕیارەی شۆفێرەكان دوای ئەوە هات كە دەسەلاَتداران لەپاش مانگرتنی سەراسەری شۆفێری پاسەكانی ناو شاری سلێمانی، بڕیاری خۆیان سەبارەت بە دابین كردنی بڕی گازو بەنزینی پێویست نەبردەسەر، ئەمەش وایكرد كە شۆفێرەكان نرخی گواستنەوە بەرز بكەنەوە.
ئیدارەی شاری سلێمانی لەپاش هەر ئەزمەو ناڕەزایەتی دەربڕینێكی خەڵك سەبارەت بە دەستنەكەوتن‌و گرانبوونی نرخی سوتەمەنی، بەدرێژایی یەك ساڵی ڕابردوو دەیانجار وەعدو بەڵێنیان داوە كە گوایا بەبڕی چەند ملیۆن دۆلار سوتەمەنی و غاز لەڕێگەی ئێران‌و توركیاوە دێننە شاری سلێمانی، بەلاَم ئەگەر ئەو هەوڵەش ڕاست بوبێت، هەرگیز كەسی ئاسایی‌و هاولاَتیان سودمەند نەبون لێی‌و تەنها خۆیان سودمەندو سەرمایەی كۆمپانیاكانیانی زیاتر پێكەڵەكە كراوە. ئیدارەیەك نەتوانێ سوتەمەنی پێویست‌و چەند سەعاتێكی كەم كارەباو سەرەتایترین خزمەتگوزاری پێشكەش بەهاولاَتیان بكات، هەرگیز شایەنی مانەوەو بەردەوام بوون لەئیدارەی شار نیە.
ئایا بودجەی شاری سلێمانی‌و داهاتی چەندین ملیۆن دۆلاری ئەم شارە هێندە كەمە، كەنەتوانرێت ئەم خزمەتگوزاریە سەرەتاییانەیان پێدابین بكرێت؟ بێگومان نەخێر، چونكە بودجەو داهاتی شاری سلێمانی ئەگەر لەدەستێكی ئەمین‌و پاكدا بێت ئەوا نەك هەر بەشی شاری سلێمانی بەتەواوی خزمەتگوزاری‌و كارەبای 24 سەعاتەوە ئەكات، بگرە هێندەشی لێ زیاد ئەبێت كە بتوانرێت كۆمەكی شارەكانیترو تەنانەت دەرەوەی هەرێمیشی پێبكرێت، بەلاَم پارەی شاری سلێمانی بۆ جێگایەكیتر ئەچێت‌و بۆ شتی‌تر خەرج ئەكرێت!!. ئەگەر ئیدارەی شار ئەلێت وانیەو بودجەمان كەمەو بەش ناكات، ئەی ئەم هەموو ملیۆنێرو ملیاردێرەی شاری سلێمانی سەروەت‌و سامانەكەیان لەكێوە هێناوە؟
خەڵكی كوردستان نەحەمولی ئەم ژیانی مەمرەو مەژیەی كە حاكمانی كوردستان ئەیانەوێ فێری خەڵكی بكەن ناكات، لەمانگێكدا هاولاَتیان ناتوانن چەند ڕۆژێكی كەم ئاسودە بن‌و بەكێشەكانی ئیدارەو دەسەلاَتەوە سەرقاڵ نەبن، ئەم مامەڵەو ڕەفتارەو ئەم بێدەربەستی‌یە لە ژیانی خەڵك، ئاكامی خراپی لێئەكەوێتەوەو لەجێگەیەكدا پەتی تەحەمولی خەڵك ئەپچڕێت‌و ڕیستان لێئەكاتەوە بەخوری، بۆیە دەسەلاَتداران‌و خودی ئیدارەی شاری سلێمانی بەرپەرسی یەكەمی چارەسەری ئەم داگرتنەوەیەی نرخی پاسەكان‌و سەرجەم گرانی‌و نەهامەتیەكانی خەڵكن|، ئەبێت یان بەفەوری چارەسەری بكەن، یان چاوەڕوانی شەپۆلێكیتر لەناڕەزایەتی‌و خۆپیشاندانی خەڵك بكەن، كە ئەمجارە زۆر ڕۆشن نیە بەرەو كام ئاقار ئەڕوات.

**ڕێكخراوی كوردستانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق**

2007/3/26